# خـــــەڵاتـــــی نـــــۆبـــــڵ

## زنجیرەی یەکەم

خەڵاتی نۆبڵ ....ئەڵمانیا ساڵی 1999



### گونتەر گراس (Gunter Grass)

*وەرگێڕان و ئامادەکردنی فــەهــد گــردەوانــی .*

ئەکادیمیای سویدی رۆژی 30 / 9 / 1999 لە شاری ستۆکهۆلم لە بەردەم هۆڵی ئەکادیمییا رایگەیاند کە خەڵاتی نۆبڵی ساڵی 1999 ی بە نووسەری ئەڵمانی گونتەر گراس بەخشی . بڕیاری ئەکادیمیای سویدی بەم جۆرە بووە {{ روکارە لە بیرکراوەکانی مێژوو لە رێی فابیلی گاڵتەجاڕانەی رەشەوە دەگێڕێتەوە...}} . گراس تەنها رۆمان نووس نیە کە شوێن پەنجەی لە سەر ئەدەبی ئەڵمانیدا دیاربێ چ لە لایەن باری زمان و دروست کردنی شێوەی رۆماننووسی تازە و دارشتنی بیری تازە بەڵکو رەخنەگر و خاوەن بیرە...

وەزیری رۆشەنبیری ئەڵمانیا{مێشیل نومان}} کەیف خۆشی خۆی دەربڕی کاتێ هەواڵی خەڵاتی نۆبڵی بیست کە پێشکەش گراس کراوە ،گوتی(ئەمە رێز لێنانە لە ئەدەبی ئەڵمانی کە ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینێ پاش ئەوەی ساڵی 1972 ئەو خەڵاتە پێشکەش بە نووسەری ئەڵمانی بۆڵ هێنریش 1917 ـ 1985 کرا ).....گراس مێژووی نازی و سیاسەتی نادیموکراتیانەی پەناهەندەیی لە ئەڵمانیا ریسوا کردووە و رەخنەی لێگرتووە....

گونتەر گراس لە 16 / 10 / 1927 لە دانزیگ ـ لانگفوهر لە خێزانێکی پۆڵۆنی ـ ئەڵمانی بازرگان لە دایک بووە...کە تەمەنی چواردە ساڵان بوو ، بووە ئەندامی رێکخراوی لاوانی هیتلەر ، پاشانیش بووە سەرباز ، لە ساڵی 1944 وە لەگەڵ ئێشوئازاری شەڕ ژیاوە هەتا بە چاوی خۆی دیوویە کە نیوەی هێزەکەی بە ماوەی سێ خولەک لە ناو چوو ئەو کاتە تەمەنی هەر 17 ساڵان بووە.....کاتێک ئەڵمانیا تەسلیم بوو وە چۆکی دادا بەرامبەر هێزی رزگاریکەر ، لە لایەن هێزی ئەمریکا بە دیل گیراوە......

پاش بەشداری کردنی لە شەڕی جیهانی دووەم و بەدیل گیرانی لە لای ئەمریکایەکان ، ساڵی 1944 ـ 1946وەکو کرێکاری ئاسن کاری کردووە.. لە سەرەتا شیعری نووسیوە بەڵام لەو مەیدانە ناوبانگی تەنها لە ئەڵمانیا دەرکردووە.....پاشان هونەرە جوانەکانی لە شاری دوزیلدورف و بەرلین خوێندووە....لە رێگای وێنەکێشان وگرافیک و نووسین ساڵی 1956 ـ 1959 لە پاریس پاشان لە بەرلین خۆی بەخێوکردووە و کاری کردووە...گراس ساڵی 1955 وەکو رەخنەگەری کۆمەڵایەتی (گروپی 47) بەشدار بووە ، ئەو گروپە لەلایەن {هێنریش بۆل 1917 ـ 1985 و یۆنزۆن ئوفە 1934 ـ 1984 و گهونتەر گراس}دامەزراوە... زیاتر لە 40ساڵە لە جیهاندا

ناوبانگی دەرکردووە..گراس لە شەستەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی سۆسیالیستی ئەڵمانیا هەبووە و چالاکانە بەشداری کرد لە پڕوپاگەندەی دەنگدان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ڤیلی براندت 1913 ــ 1992 یەکەم لێپرسراوی پارتی سوسیال دیموکرات پاش جەنگ....

ساڵی 1974 گراس لە کەنیسەی کاتۆلیکی هاتە دەرەوە....دژی چەکی کوشندەی نەوەوی دەنگی بەرزکردۆتەوە ...پشتگیری نووسەری بەریتانی سەلمان روشدی کرد لە دژی فەتوایەکەی خومەینی....وە پشتگیری یەشار کەمالی کرد لە کاتی بڵاوبونەوەی نووسینەکەی لە گۆڤاری دەیرشبیگل دەربارەی تورکیا..لەوکاتەدا لە چاوپێکەوتنێکدا گووتی پێم شەرمە کەئەڵمانیا چەک بە تورکیا دەفرۆشی و کوردی پێدەکوژرێ کەچی کوردەکانی تورکیا لە ئەڵمانیا بە پەناهەندەیی وەرناگیرێ ....گراس چالاکانە کاری کردووە بۆ ئەوەی ژەنەڕالی دیکتاتۆری شیللی ئاوگۆست پینۆشیت لە سەر کارەکانی بدرێتە دادگا....

گراس لە 1986 ــ 1987 لە هیندستان ژیاوە....یەکەم جار بووە هاوسەری سەماکەری سویسری {ئان مارگرێتا}ساڵی 1954 وە 3کوڕ و کچێکی لەگەڵ بووە پێش جیابونەوەیان...پاشان بۆ جاری دووەم بووە بە هاوسەری {ئۆتی گرۆنرێت} لە ساڵی 1979....گراس هەردەم دەڵێ ئەرکی نووسەرە بەشداربێت لە سیاسەت و ئەخلاق....رۆمانی {تەپڵی تەنەکە}کە ساڵی 1959 بڵاوکرایەوە پاشانیش لە لایەن فۆلکەر شیلۆندۆرف کرا بە فیلم و خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت....ئەو رۆمانە هەردوو سەردەمی نازی و پاش جەنگی جیهانی دووەم باس دەکات.. رۆمانی (پشیلە و مشک) ساڵی 1961 بڵاوکرایەوە...

رۆمانی (ساڵانی سەگ) ساڵی 1963 دەرچوو ، هەردوو رۆمان دەربارەی شاری لەدایک بوونی دانزیک و ناهەمواری ئابووری ئەڵمانیا پاش شەڕ باس دەکات..... رۆمانی (بەنجی تایبەتی) ساڵی 1969 بڵاوکرایەوە و باس لە شەڕی ڤێتنام تەنگوچەڵەمەی نەوەکان دەکات... گراس رۆمانی (راگەیاندنی بۆق) ساڵی 1992 بڵاوکردەوە....رۆمانی دوایی کە ناوی (کێڵگەی دوور) ساڵی 1995 دەرچوو، باس لەیەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا لە نێوان ساڵانی 1989 و 1991 دەکات.... ئەکادیمیای سویدی بە چاوێکی رێز و بەرز وەسفی ئەو زنجیرە وتارانەی گراس دەکات کە ناوی ناوە سەردەم {چەرخ}کە ساڵی 1999 بڵاوی کردنەوە......گراس ئێستاکە لە نزیک شاری لوبێکی ئەڵمانیا دەژی.

ئەمەش پارچە شیعرێکی گراس

کاتێ کوللۆیەکان

شارەکەی ئێمە یان داگیرکرد

ئیتر

شیر نەهاتەماڵەوەمان

رۆژنامەی رۆژانە بڵاودەکەنەوە

زیندانەکان کرانەوە

پێغەمبەرەکان ئازاد کران

ئێستا ئەوان بەسەر

شەقامەکان دادەڕۆن

3800 پێغەمبەر..

Pressmeddelande Svenska Akademien 30 September 1999 -1

Günter Grass ett lätt beslut av Birgitta Rubin -2

3- Litteratur Hand Boken - 1991